**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٢٦ - ٢٢٤ لە ٢٠٢٦/١/١٢**

پاڵپشت بەماددەی (١٨) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ و ماددەی (١٢) لەیاسای هەموارکراوی یاسای ناوبراو ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦
## مۆڵەتی خۆتەرخانکەر لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی (١): پێناسە:**
مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە، واتاکانی بەرامبەریانە لەم ڕێنماییە:
**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.
**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.
**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.
**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.
**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە سەربەخۆکانی زاخۆ – سۆران - ڕاپەڕین.
**شەشەم: خاوەن پێداویستی تایبەت:** هەر کەسێک توانای بەڕێوەبردنی کارە ئاساییەکانی خۆی نەبێت بە ڕێک وپێکی بەهۆی لەکار کەوتن یان لەدەست دانی ئەندامێکی جەستەی، یان ڕوودانی کەم وکورتی لە توانای هزری یان لە هەستەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام یان بەشێوەیەکی دووبارە وە کوو خووگرتن (الصرع).
**حەفتەم: کەمئەندام:** ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی کە بەشێک لە جەستەیان لەدەست داوە یان لەکار کەوتوە.
**هەشتەم: خۆتەرخانکەر:** هەرکەسێك چاودێری کردنی خاوەن پێداویستی تایبەت دەگرێتە ئەستۆ.
**نۆیەم: پەککەوتەی بزوێنی جەستەیی:** ئەو کەسانەی تەمەنیان بۆ پیاو لە (٦٠) ساڵ وبۆ ژن لە (٥٥) ساڵ زیاترە بەهۆی چوونە ناو تەمەن یان بەهۆی نەخۆشی تووشی پەککەوتەیی جەستەیی بزوێنی دەبن.

**ماددەی (٢): ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم ڕێنماییە:**
**یەکەم:** ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی پێویستە ڕێژەی پەککەوتەکەیان ١٠٠٪ بێت بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی:
١- پەککەوتەی جەستەیی بزوێنی.
٢- نابینا.

٣- دەردە فیل.
٤- ئیفلیجی مێشك.
٥- شیزۆفرینا.

**دووەم:** ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتیانەی ڕێژەی پەککەوتەکەیان لە (٨٠٪) کەمتر نەبێت بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی:
١- ئۆتیزم
٢ -داون
٣- بیرکۆڵ

**سێیەم:** ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتیانەی تووشبووی ئەو جۆرە نەخۆشیانەی خوارەوە بوونە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی.
١- شەکرەی جۆری یەکەم (تایپی یەکەم) بۆ منداڵی خوار (١٥) ساڵ.
٢- تالاسیمیا.
٣- هیموفیلیا.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکەر ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانە ناگرێتەوە که لەکەرتی گشتی یان تایبەت کاردەکەن.

**دووەم:** پەککەوتەی جەستەی بزوێنی بەساڵاچوو مۆڵەتی خۆتەرخانکەر نایانگرێتەوە.

**سێیەم:** پەککەوتەیی بزوێنەری جەستەیی بەساڵاچوو ئەگەر لەئەنجامی ڕووداوێک یان بەرکەوتنێکی ڕاستەو خۆ تووشی ئەو پەککەوتەیی بێت بەڕێژەی (١٠٠٪) بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی ئەوە سوودمەند دەبێت لەمۆڵەتی خۆتەرخانکەر.

**ماددەی (٤): مەرجە پێویستەکانی خۆتەرخانکەر:**

**یەکەم:** توانای تەواوی هەبێت و گونجاو بێت بۆ چاودێریکردن و هاوکاریکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت، و لەڕووی جەستەیی و دەروونیەوە تەندروست بێت.

**دووەم:** پلەی نزیکی لە پلە یەکەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بێت ، ئەگەر نەبوو ئینجا لە دەرەوەی خێزانەکەی بێت بەپێی پلەی خزمایەتی و نزیکی لێیەوە.

**سێیەم:** دانیشتووی هەمان شوێنی نیشتەجێبوونی کەمئەندام بێت بەپێی پسوولەی خۆراك یان کارتی زانیاری.

**چوارەم:** دایکی کەم ئەندام دەبێتە خۆتەرخانکەر بۆی ئەگەر ژنی ماڵەوە بێت، جگە لە:
١- ئەگەر دایکەکە تووشی پەککەوتەییەک بوو بێت کە توانای چاودێریکردنی منداڵە خاوەن پێداویستی تایبەتیەکەی نەبێت وڕێژەکەی لە (٦٠٪) کەمترنەبێت و یان تووشبووی نەخۆشی شێرپەنجە بێت و بەپێی ڕاپۆرتی لیژنە پزیشکی.
٢- لەکاتی هەبوونی زیاتر لەیەک خاوەن پێداویستی تایبەت لە خێزانەکەیدا.

**پێنجەم:** نابێت کەسێك لەیەك کاتدا خۆی بۆ چاودێریکردنی زیاتر لە دوو خاوەن پێداویستی تایبەت لەخێزانێکدا تەرخان بکات (دەبێت دوو خاوەن پێداویستی تایبەتەکە لەیەك ماڵدا بن).

**ماددەی (٥):**

نابێت خۆتەرخانکەر هیچ کارێک بکات چ لەکەرتی تایبەت یان لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکان، بێجگە لەچاودێریکردنی وسەرپەرشتی سوودمەند.

**ماددەی (٦):**

بۆ سوود مەند بوون لە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر مەرج نیە خاوەن پێداویستی تایبەت سوودمەندی کۆمەکی کەمئەندامی بێت.

**ماددەی (٧):**

لەحالەتی هەبوونی دوو خاوەن پێداویستی تایبەتی (دوو ئۆتیزم - یان دووئیفلیجی مێشک - یان ئۆتیزم و ئیفلیجی مێشک) لە یەک خێزان مۆڵەتی، خۆتەرخانکەر دەدرێت بە باوک و دایک پێکەوە.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکەر نادرێتە ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی کە لەماڵەکانی حەوانەوە بەشێوەی بەردەوامی دەژین.

**دووەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکەر ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتیانە ناگرێتەوە کە لە دەرەوەی وڵات دەژین جگە لەوانەی بۆ چارەسەری پزیشکی دەبردرێنە دەرەوەی وڵات بە پێی ئەم مەرجانە:

١- پێویستی بە چارەسەری پزیشکی هەیە لە دەرەوەی وڵات بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی پێویستە و ماوەی مانەوەی لەدەروەی وڵات (نابێت لە ٦ مانگ) زیاتر بێت.

٢- خۆتەرخانکەر بەڵێننامە پڕبکاتەوە بەگەڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان و ڕێکەوتی چوون و گەڕانەوەی دیاری بکات.

٣- پێویستە خۆتەرخانکەر پێش گەشتکردنی بۆ دەرەوەی وڵات مۆڵەتی پێدرا بێت.

**ماددەی (٩):**

باوك و دایك بۆیان هەیە بە ڕێکەوتن یەکێکیان مۆڵەتی خۆتەرخانکەر وەربگرێت بەمەبەستی چاودێری کردنی منداڵە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکەی.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** ماوەی مۆڵەتی خۆتەرخانکەر (٢) دوو ساڵە و هەر دوو ساڵ جارێک نوێ دەکرێتەوە.

**دووەم:** نابێت ماوەی نێوان پێشکەشکردنی داواکاری بۆ مۆڵەتی خۆتەرخانکەر و ڕاپۆرتی پزیشکی پێشکەشکراو لە شەش (٦) مانگ زیاتر بێت.

**سێیەم:** ئەو حاڵەتانەی چارەسەری پزیشکیان نیە وەک (لەدەست دانی ئەندامی لەش - داون - هیمۆفیلیا تالاسیمیا - یان هەر حاڵەتێک بسەلمێت بەپێی راپۆرتی پزیشکی) تەنها یەک جار راپۆرتی لیژنەی پزیشکی پێشکەش دەکات.

**چوارەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکەر پاش یەک مانگ لە مردنی خاوەن پێداویستی تایبەت هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١١): لیژنەکانی تایبەتمەند بە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر:**

**یەکەم:** لیژنەی باڵای دیوان: بەفەرمانی وەزیر پێکدەهێنرێت لە سێ کەس، بەمەبەستی پێدانی مۆڵەتی خۆتەرخانکەر و بەدواداچوون بۆ لیژنەکانی تری مۆڵەتی خۆتەرخانکەر.

**دووەم:** لیژنەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەفەرمانی بەڕێوەبەری گشتی پێک دێت لە سێ کەس (یاسایی - توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و یان دەروونی - فەرمانبەرێکی تر) بە مەبەستی:

١- تێخوێندنەوەی داواکارییەکان و دیاریکردنی پێویستبوونی خاوەن پێداویستی تایبەت بەخۆتەرخانکەر و گونجاوی کەسی خۆتەرخانکەر و بەرزکردنەوەی داواکاریەکە بۆ لیژنەی باڵای وەزارەت.

٢- بەدواداچوون بۆ خۆتەرخانکەرانی مۆڵەت پێدراو لە ناوەندی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٣- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی بەدواداچوون بۆ لیژنەی باڵای وەزارەت.

**سێیەم:** لیژنە لاوەکیەکان: لەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە دوورن لەسەنتەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و بەپێی پێویستی بەفەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر پێکدەهێندرێت، بەمەبەستی:

١- بەرزکردنەوەی داواکاری مۆڵەتی خۆتەرخانکەر بۆ لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان.

٢- بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی خۆتەرخانکەر لە سنووری کاری خۆیان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەشێوەی وەرزی یان لەکاتی پێویست.

**ماددەی (١٢): حوکمە سزاییەکان:**

هەرکەسێك خۆی تەرخان کردبێت بۆ چاودێری کردنی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمتەرخەمی بکات لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیدا یان ئەگەر دەرکەوت کە کارێکیتر دەکات سزادەدرێت بەپێبژاردن کە لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینارکەمتر نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سەرباری هەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکەی هەموو ئەو مووچانەی وەریگرتوون لەماوەی مۆڵەتەکەیدا لێی وەردەگیرێتەوە.

**ماددەی (١٣):**

بە دەرچوونی ئەم ڕێنماییە لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان ڕێنمایی مۆڵەتی خۆتەرخانکەر لەهەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وهەموارەکانی هەڵدەوەشێتەوە و کاریان پێناکرێت.

**ماددەی (١٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**